# سێبەرێکی تر

گۆشەیەکە (کامەران سوبحان) دووهەفتە جارێك لەئەدەب و هونەریی کوردستانی نوێ دەینوسێت.

kameransubhan@yahoo.com

## بینینی نمایش



پرۆسەس بینین یەکەم پەرچەکرداری پاش نمایشە، زۆرجار پاش تەواوبونی نمایش بۆچونی جیاواز لەسەر ئاستی بەرهەم و لایەن و ڕەهەندە جیاوازەکانی نمایش دروست دەبێت، ئەو بۆچونانەش کەسانی پسپۆڕو ئەو کەسانە بەرهەمی دەهێنن کە شارەزاو پسپۆڕن وخاوەن بینینی تایبەتن، بەڵام ناشکرێت بەناوی بۆچونی جیاوازەوە نمایشێك داماڵیت لە جوانی، چونکە باش و خراپیش بنەما و تایبەتمەندی خۆی هەیە..

هەفتەی ڕابردوو لە شاری هەولێرو سلێمانی شانۆگەری (دەرگا) نمایشکرا، ئەم شانۆیە کۆمەڵێك ئەکتەری بە ئەزمون ڕۆڵی کارەکتەرەکانیان بەرجەستەدەکرد، (کامەران ڕەئوف)یش دەرهێنەری نمایش بوو، پاش نمایشکردنی ( دەرگا) ئەم شانۆییە بە هەردوو دیوەکەدا قسەو بۆچونی جیاوازی لەسەر کرا،  بەداخەوە دەڵێم هەندێ کەس بەناوی بۆچونی جیاوازو بینینی جیاوازەوە دەکەوێتە هەڵەی قسەکردن، لەکاتێکدا من پێم وایە قسەکردن سەرەتایترین مافی هەموو مرۆڤێکە، گەر بۆچونەکەشی  ناڕاست بێت، بەڵام دەشبێت ئەو کەسەش چاوەڕوانی بۆچونە دژەکەش بێت..

من لە هیچ شوێنێکدا نەمبینیوە، یان نەبیستوە شانۆکارێك قسە لەسەر نمایشێك بکات بەشداری وردەکاری دەرهێنان بکات، بڵێت دەبوایە ئەم دیمەنە لێرەدا بوایە، دەبایە وای بکردایەو وای نەکردایە، ئەم بیرکدنەوەیە تەنها لای ئێمە هەیە.

لە بەرنامەیەکی تەلەفزوێنیدا شانۆکارێکی بینەر تەلەفون دەکات و دەڵێت (ئەم نمایشە باش بوو، بەڵام خۆزگە سەرتەختەی شانۆ هێندە جەنجاڵ نەبوایە، خۆزگە تۆزێك شانۆیەکە چڕکردنەوەی تێدا دەکرا، خۆزگە....هتد )

ئەم فۆڕمە لە قسەکردن جگە لە ئیفلاسی بینین هیچ شتێکی تر نیە، چونکە شانۆکارێك نەتوانێت ببینێت ناتوانێت بۆچونی باش لەسەر نمایشێك بدات، بەلامەوە سەیرە هەندێ جار ئەم بۆچونانە لە کەسانێکەوە دەبیستی کە هەندێکیان کارەکتەری سەرەکی کوشتنی شانۆبون لەم وڵاتەدا، بەشێکیان ڕۆژانە ڕۆڵیان هەیە بۆ بە تەهریجکردنی شانۆ، بەشێکیان تا ئێستا دوو دێڕیان لەسەر شانۆ نەخوێندوەتەوە، خودایە ئەوانە ئەو جورئەتەیان لە کوێ بوو وا قسەی پێدەکەن؟

ڕەهاگەرێتی لە هونەرە ئیستاتیکیەکاندا جێگەی نابێتەوە، ناکرێت نمایشێك بە بینینێکی ڕەها بڵێیت زۆر باش و بێ کەموو کوڕی بوو، یان بە پێچەوانەوە، بۆ ئەمە واباشە سێرچێکی ژیانی ڕۆژانەی خۆمان بکەین و بزانین لەم شارەدا هەفتەی چەند نمایش دەکرێت؟مانگی چەند نمایش؟ وەرزی چەند نمایش؟ بێگومان زۆر کەم، کەواتە نەبونی شانۆ لەم شارەدا بۆخۆی بەڵگەیە لەسەر نەبونی بینینێکی تەندروستانەی شانۆ، گەر مانگانە ژمارەیەك نمایش لەم شارەدا هەبێت ئەوسا دەتوانین بینینێکی بەراوردکاریانەمان هەبێت لەنێوان ئەم نمایشەو نمایشێکی تردا.

(هەندێ بۆشایی لەم نمایشەدا هەبوو، بەدەر لەم گۆشەیە بە نوسینێکی بەرفراوانتر هەڵوێستەی لەسەر دەکەم).  هەندێ جار دوای نمایشەکان تاکە شتێك کە گرفت دروست دەکات لە بەردەم ئەو بینەرە نوخبەدا چۆنیەتی گوزارشتکردنە لە فۆرم وشێوازی بینینەکەی، بەتایبەتیش لە گۆشەنیگای بەرفراوان بۆ پرۆسەیەکی هەمەلایەنەی شانۆ کە لە (دەق، نواندن، دەرهێنان، سینۆگرافیا...هتد) پێکدێت.